

سەرۆک دەیەوێ بە نەشتەرگەری گرێ پیسەکە لابات..

# «شێرپەنجە کەوتووەتە ناو جەستەی ریال مەدرید»

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

تۆڕی ESPNی بەناوبانگی ئیسپانی ئاشکرایدەکات کە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی هۆکاری سەرەکی نەخۆشی یانەکەی دەستنیشانکردووەو بڕیاریداوە لە میرکاتۆی هاویندا یانەکەی لەدەست ئەو نەخۆشییە ترسناکە رزگاربکات، کە بە «شێرپەنجەی ریال مەدرید» ناویدەبات.

تۆڕی ESPN پەردەی لەسەر چەند نهێنییەک هەڵداوەتەوە، کە لەلایەن چەند کەسێکی دەست رۆیشتوو لە کارگێڕی ریال مەدرید دەستیکەوتوون. بەپێی ئەو زانیاریانە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید لە رکابەری نێوان کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و گاریس بەیلی وێڵزی لەسەر پێشەوایەتی تیپەکە زۆر بێزاربووە. وەک ئەو سەرچاوەیە باسیدەکات هەر یەکێک لەو دوو یاریزانە دەیەوێ بۆخۆی بەرەکە لەژێر پێی هەموان دەربێنێت و نووسیویەتی «ئیدی سەرۆک گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو رکابەرییە هۆکارێکی هەرە سەرەکی کێشەکانی نێو ماڵی شاهانەو ئەو بارودۆخە خراپەیە کە ئێستا ریال مەدرید پێیدا دەڕوات». هەروەها نووسیویەتی «پیرێز وەک شێرپەنجە سەیری دەکات و ئیدی دڵنیایە لەوەی ئەگەر بە نەشتەرگەرییەک خۆی و یانەکەی لە یەکێکیان رزگار نەکات، ئەم بارودۆخە چارەسەر نابێت». هەروەها نووسیویەتی «لەبەرئەوە پیرێز بڕیاریداوە لە میرکاتۆی هاوینی داهاتوودا دەستبەرداری یەکێک لەو دووانە بێت، واتە ئەو دووانە لە وەرزی داهاتوو بەیەکەوە جلی مێرینگی لەبەرناکەن».


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (376) سێشەممە 2015/11/24 3ی سەرماوەز 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


فیفا چەند کاژێرێک بەر لە کلاسیکۆ دەرگای دەنگدان بۆ باڵۆن دۆری داخستووە..

# مێسی مسۆگەرە

"لەمەودوا رۆناڵدۆ و نیمار هەرچییەک بکەن بەکەڵکیان ناهێت"






نهێنی تراکسوتە شەپ و شڕەکەی ئاشکرابوو

4



رۆناڵدۆ و کوڕەکەی لەسەر ئایفۆن 6 شەڕیانە

3

رۆژی دووشەممە 30/11/2015 تیروپشکی چلوسێیەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی) لە RUDAW.TV ئەنجامدەدرێت

8



## بەحرکە یەکەمبوو

تیپی بەحرکە، توانی لەنێو 23 تیپی میللی هەولێر و دەوروبەریدا ببێتە پاڵەوانی ئەو خولەی تۆپی پێ، کە لە شاروچکەی پیرمام بەناوی «خولی شەهیدان» کرابووەوە. ئەم سەرکەوتنەی تیپی بەحرکە دوای ئەوە هات کە یاریزانانی لەسەر یاریگەی کورەک لە پیرمام توانیان یاری کۆتایی لە تیپی کورەک ببەنەوە لە ڕێگەی لێدانەکانی سزای یەکلاکەرەوە، دوای ئەوەی کاتی یاسایی یارییەکە بە بێ گۆڵ بۆ هەردوولا تەواوبوو.

هەردوو یاریزانی بەحرکە، خۆگر شەهاب وەک گۆڵکاری خولەکە و شڤان محەممەد وەک باشترین یاریزانی خولەکە خەڵاتکران.

ژمارە (376) سێشەممە 2015/11/24

### ڕێکار هاشم، یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق:

# یاریزانی بیانی نەبێت یاریزانی کورد مەغرور دەبێت



ڕێکار هاشم، یەکێکە لە یاریزانە تازە دەرکەوتووەکانی یانەی وەرزشیی هەولێر، ئەو یەکەم وەرزە بە درێسی یانەی هەولێر لە خولی عێراقی یاری بکات، بەڵام هەرزوو توانی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات و بووە جێگەی سەرەنجی ڕاهێنەری یانەکەی. ڕێکار لە ڕێگەی خولی عێراقیشەوە خۆی گەیاندە ڕیزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراقی. ناوبراو لەدایکبووی ساڵی 1993ی شاری هەولێرە. (ڕووداوی وەرزشی) لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی کردو ئەویش دڵی خۆی بۆ خوێنەرانی (ڕووداوی وەرزشی) کردەوە.

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

**ڕووداوی وەرزشی: چۆن بوو ئەمساڵ بڕیارت دا ڕیزی یانەی هەندرێن جێبهێڵی؟**

**ڕێکار هاشم:** من یانەی هەندرێنم جێنەهێشتووەو ئێستاش یاری بۆ ئەو یانەیە دەکەم لە خولی کوردستاندا، من تەنیا لە خولی عێراقدا یاری بۆ یانەی هەولێر دەکەم. بەڕاستی یانەی هەندرێن لای من یانەیەکی زۆر خۆشەویست و گەورەیە.

**ڕووداوی وەرزشی: هیچ گرێبەستت پێشکەش کرابوو لەلایەن یانەکانی دیکەوە؟**

**ڕێکار هاشم:** بەڵێ، هەریەک لە یانەکانی زێرەڤانی و پێشمەرگەی هەولێر لە خولی کوردستان و یانەی دهۆکیش لە خولی عێراق گرێبەستیان پێشکەش کردم، بەڵام پێمباشبوو بۆ هەولێر و هەندرێن یاری بکەم.

**ڕووداوی وەرزشی: چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی هەولێرەوە کرد؟**

**ڕێکار هاشم:** پەیوەندیکردنم بە یانەی وەرزشیی هەولێر خەونی منداڵیم بوو، هەموو یاریزانێک خەون بەوە دەبینێت درێسی هەولێر لەبەربکات لە خولی عێراقی، چونکە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من یاری بۆ یانەی هەولێر بکەم.



**ڕووداوی وەرزشی: ئێستا ئاستی یانەی وەرزشیی هەولێر چۆن دەبینی؟**

**ڕێکار هاشم:** ئێستا یانەی هەولێر لە ئاستێکی زۆر باشدایە، بە بڕوای من باشترین یانەی عێراقە، پەنا بەخوای گەورە زۆر باشتریش دەبێت لە داهاتوودا.

**ڕووداوی وەرزشی: تۆ گۆڵکار بوویت، لەم وەرزەی خولی عێراق هیچ گۆڵێکت تۆمار نەکردووە، بۆچی؟**

**ڕێکار هاشم:** بەڵێ ڕاستە، لە هەولێر ئەرکم زەحمەتترە لەوەی کە لە یانەی هەندرێن یاریم دەکرد، بۆیە پێویستیم بە هەندێک کات هەیە تاوەکو خۆم بە تەواوی دەگونجێنم، پەنا بەخوا لە داهاتوودا دڵی هەموو لایەک خۆش دەکەم بە تۆمارکردنی گۆڵی جوان.

**ڕووداوی وەرزشی: چی وایکردووە دەستەی ڕاهێنەران هێندە سەرسام بن بە تۆ؟**

**ڕێکار هاشم:** ئەوەی ڕاهێنەر دەویەوێت زەحمەتە هەمووم پێ جێبەجێ بکرێت، بەڵام

«هەندێک کاتم پێویستە تاوەکو لەگەڵ یانەی هەولێر دەست بە گۆڵکردن بکەم»

ئەوەی من دەیکەم لەوانەیە لەگەڵ بیر و ویستی ڕاهێنەر یەک بێت، بۆیە سوپاس بۆ خوا کە من بوومەتە جێگای متمانەی ئەوان.

**ڕووداوی وەرزشی: لەو بڕوایەدای کە دەتوانی لە ڕێگەی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراقەوە بگەیتە ڕیزی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق؟**

**ڕێکار هاشم:** پەنا بەخوای گەورە پایە پایە دەگەم بەو شوێنەی کە خۆم ئاواتمە لە داهاتوودا، ئەوەتا دەرفەتم لە پێشە و دەبێ بیقۆزمەوەو بە ئاواتم بگەم.

«یانەی هەولێر ئێستا باشترین یانەی عێراقە»



**ڕووداوی وەرزشی: پێشبینیت چییە بۆ ئەنجامەکانی یانەی هەولێر لە قۆناخی دووەمی خولی عێراق؟**

**ڕێکار هاشم:** پەنا بەخوا لە کۆتاییدا ئاست و ئەنجامەکانی یانەکەمان بە دڵی هەموو لایەک دەبن.

**ڕووداوی وەرزشی: خەونی وەرزشیت چییە؟**

**ڕێکار هاشم:** گەورەترین خەونی من لەبەرکردنی درێسی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراقەو گەیشتنمە بە لوتکەی ئاست بەرزی، کە هیوادارم ئەو خەونەم بێتەدی.

**ڕووداوی وەرزشی: زیاتر بە کام یاریزانی عێراقی و کوردستان سەرسامیت؟**

**ڕێکار هاشم:** لە عێراق زۆر بە یاسر قاسم سەرسامم. سەبارەت بە کوردستانیش، زۆر یاریزانی بەتوانامان هەیە، بەڵام خۆم بە تواناکانی هونەر ئەحمەد سەرسامم.

**ڕووداوی وەرزشی: لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان و هەولێریش چیدی پشت بەتواناکانی یاریزانانی عەرەب و بیانی نەبەستن، ئەوەتا یاریزانانی کورد پێشەنگن؟**

**ڕێکار هاشم:** ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە یانەکان پشت بە یاریزانی دەرەکی نەبەستن، چونکە ڕاستە یاریزانی کورد توانای زۆرە، بەڵام ئەگەر لە هەر یانەیەک یاریزانی بیانی باشتر هەبێت یانەکە زیاتر پێش دەکەوێ و کێبرکێش لەنێوان یاریزانان دروست دەبێت و یاریزانی کورد ناچار دەبێت خۆی زیاتر ماندوو بکات.

حەزدەکەم ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییەش بڵێم، ئەگەر یاریزانان تەنیا کورد بن، تووشی لەخۆبایی دەبن، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو یاریزانانی کورد، کە ئەو قسانەم یەکەمجار بۆ خۆمە.

**ڕووداوی وەرزشی: لە کۆتاییدا هیچت ماوە بیڵێی؟**

**ڕێکار هاشم:** زۆر سوپاس بۆ (ڕووداوی وەرزشی) بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی. بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەتواناکانی یاریزانانی کورد بدات.

### لەگەڵ یانەیەکی بەحرێنی لە گفتوگۆدایە..

# فەرحان لەبەر ڕاهێنەرەکەی لە زاخۆ ڕۆیشتووە

**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

فەرحان شوکر، هێرشبەری پێشووی یانەی زاخۆ بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرایکرد کە بەهۆی بوونی کێشە لەنێوان خۆی و ڕاهێنەرەکەی ڕیزەکانی یانەی زاخۆی جێهێشتووەو گوتیشی «ئێستا لەگەڵ چەند یانەیەک لە گفتوگۆدام بۆ ئەوەی گرێبەستێکی نوێ مۆر بکەم، بەتایبەتیش یانەیەکی بەحرێنی، کە داوای تواناکانم دەکات».

یانەی زاخۆ بەر لە دەستپێکردنەوەی یارییەکانی قۆناخی دووەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی ژمارەیەک لە یاریزانانی بە هۆکاری جیاواز دوورخستووەتەوەو بەنیازە لە شوێنی ئەوان چەند یاریزانێکی نوێ بێنێتە ڕیزەکانی تیپەکەی، یەکێک لەوانەی دوورخراوەتەوە فەرحان شوکرە، کە ماوەی دوو ساڵ یاری بۆ ئەم یانەیە کردووە. کارگێڕانی یانەی زاخۆ دەڵێن بەهۆی نزمی ئاستی لە یانەکە دووخراوەتەوە، بەڵام ناوبراو ئەم قسانە ڕەتدەکاتەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو گرفتی هەبووە لەگەڵ ڕاهێنەر، لەبەرئەوە ڕیزەکانی یانەکەی جێهێشتووە «کەس منی لە یانەی زاخۆ دوورنەخستووەتەوە، ماوەیەکە کێشەم لەگەڵ ستانی ڕاهێنەری بەڕەگەز ڕۆمانی هەیە، بۆیە ئەگەر لەم یانەیەش بەردەوام بوومایە هەر یاریم نەدەکرد، لەبەرئەوە خۆم داوای ڕۆیشتنم لە یانەی زاخۆ کردووەو ئەوانیش داواکەی منیان قبوڵ کردووە».

**سکرتێری یانەی زاخۆ: فەرحان لەبەر دابەزینی ئاستی لە یانەکە دوورخراوەتەوە**

ئەمە لە کاتێکدایە کە خەلیل ئەحمەد، سکرتێری یانەی زاخۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «فەرحان لەبەر دابەزینی ئاستی یاریکردنی لە پێکهاتەکەمان دوورخستووەتەوە».

لە بارەی پێشکەشکردنی چەند گرێبەستێک بە فەرحان شوکر، لەلایەن یانەکانی دیکەوە، ئەو یاریزانە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لەلایەن یانەی سرتی بەحرێنییەوە گرێبەستێکم پێشکەشکراوە، جگە لەوەش چەند گرێبەستێکی دیکەشم لە یانەکانی عێراقەوە بۆ هاتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا خۆم یەکلایینەکردووەتەوە، ئێستا لە گفتوگۆدام لەگەڵ یانە بەحرێنییەکە، ئەگەر گەیشتینە ڕێککەوتن ڕوو لە خولی بەحرێنی دەکەم، ئەگەریش نا چەند یانەیەکی دیکە هەیە لە خولی عێراقی بۆ یەکێکیان یاری دەکەم».

لە بارەی پێدانی مافەکانیشی، فەرحان گوتی «بە سوپاسەوە یانەی زاخۆ هەموو مافەکانی منی داوە. وەک یاریزان هیچ گرفتێکی دارایم لەگەڵ یانەی زاخۆ نەماوە».





# یانەکانی سلێمانی ماڵئاوایی لە خولەکانی عێراق دەکەن

هەرێز جەمال

ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی

سێ یانەی شاری سلێمانی بڕیاریان داوە بەشداری لە خولە وەرزشییەکانی سەر بە لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق نەکەن و بەشی زۆریشی بەهۆی کێشەی داراییە.

بە پێی نووسراوێک کە کۆپییەکی لای (ڕووداوی وەرزشی) پارێزراوە، دەستەی کارگێڕی یانەی سیروانی نوێ بڕیاریدا بە بەشدارینەکردنی تیپەکانی یانە لە چالاکییەکانی لیژنەی ئۆلۆمپیی عێراق لە وەرزی نوێدا، ئەویش بەهۆی بارودۆخی دارایی یانەوە، تا ئەوکاتەی ئەو قەیرانە تێدەپەڕێت، بەمەش تیپەکانی ئەو یانەیە تەنیا بەشداری لە چالاکییەکانی سەر بە لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان دەکەن ئەویش بەپێی توانای دارایی.

هاوکات یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بڕیاریدا تا کاتێکی نادیار سەرجەم چالاکییەکانی لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستان و عێراق ڕابگرێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی ماددی لەلایەن فیدراسیۆنە وەرزشییەکانی عێراق بۆ سەرجەم ئەو تیپە خاوەن ئەنجامانەی پێشمەرگە لەسەر ئاستی عێراق.

مەحموود موراد، جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «یانەی پێشمەرگەی سلێمانی تا کاتێکی نادیار و تا ئەوکاتەی بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان و عێراق پشتگیری ماددی ئەم یانەیە دەکەن، چالاکییەکانی ڕادەگرێت، تا بتوانێت بەشداریلە پاڵەوانیتییەکانی دەرەوەی کوردستان عێراق بکات».

هەرچی یانەی سلێمانیشە لەبەر هەمان هۆکارەکانی یانەی سیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی، بڕیاریدا تیپی تۆپی پێی لە جامی عێراق و خولی پلە یەکی عێراق بکێشێتەوە.





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا


- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
| --- | --- | --- | --- |
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com

411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (376) سێشەممە 2015/11/24



## سەیرترین بوو

نووسینەگەکانی گرەوکردن لە ئیسپانیا بە چەندین شێوە گرەویان لەسەر ئەنجامەکانی یاری کلاسیکۆ کردبوو، بەڵام لەوانەیە سەیرترینیان ئەوەبێت، کە تایبەت بوو بە خافێر ماسکیرانۆی یاریزانی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنا، چونکە گرەوەکە بەشێوەیەک بوو، هەر کەسێک گرەو لەسەر ئەوە بکات کە ماسکیرانۆ یەکەم گۆڵی یارییەکە تۆماربکات و دواتر یارییەکە بە ئەنجامی 1 ـ 6 یان 2 ـ 6 بۆ بەرژەوەندی ریال مەدرید کۆتایی بێت، ئەگەر گرەوەکە بباتەوە 10 هەزارجار هێندەی ئەو پارەیە وەردەگرێت کە لە گرەوەکە دادەنێت، واتە ئەگەر 100 یۆرۆ دابنێت یەک ملیۆن یۆرۆ دەباتەوە.

## لەدوای کلاسیکۆ..

# «سوپاس بۆ حەدادی کە نەیهێشت پیکێ ئابڕومان ببات»




**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

یاری ئەمجارەی کلاسیکۆ بە ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو کۆتاییهات و بارسێلۆنا لەناو سانتیاگۆ برنابیۆدا بە 4 گۆڵی خاوێن لە ریال مەدریدی بردەوە. یارییەکە چەند ڕووداو و جیاوازی و ئامار و ژمارەی بەدوای خۆیدا جێهێشت. (ڕووداوی وەرزشی) هەندێکیان بۆ خوێنەرانی خۆی دەخاتەڕوو.

* جیرارد پیکێی بەدرێژایی یارییەکە ڕووبەڕووی فیکەی هاندەرانی ریال مەدرید بووەو لەدوای یارییەکەش هاندەرانی ریال مەدرید لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پیکێیان بە خیانەتکاری نیشتیمان وەسف کردو نووسیبوویان «ئەگەر فیگۆ خیانەتی لە شارێک کردبێت کاتێک بارسای بەرەو ریال جێهێشت، ئەوا پیکێ خیانەتی لە وڵات و نیشتیمانی خۆی کردووە».

* لەو یارییەدا ئەوەندە نەمابوو پیکێ سووکایەتییەکی گەورەتر بە جەماوەری ریال مەدرید بکات، چونکە چاوەڕێی گۆڵی پێنجەمی دەکرد، بۆ ئەوەی جوولە بەناوبانگەکەی دووبارە بکاتەوەو هەر پێنج پەنجەی دەستی لەبەردەم جەماوەری شاهانەدا بەرزبکاتەوە، وەک ئەوەی لە یاری 5 ـ 0 پێشووتردا ئەو جوولەیەی کردو هەموو مەدریدی لەخۆی تووڕەکرد. هەربۆیەش کاتێک مونیر حەدادی گۆڵێکی ئاسانی لەدەستدا، پیکێ خۆی لێ تووڕەکرد.

وادیارە مەدریدییەکانیش ترسی ئەوەیان لە پیکێ بووە، لەبەرئەوە تۆماس ڕۆنسێرۆی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی مەدریدی گوتی «سوپاسی حەدادی دەکەین، کە گۆڵی پێنجەمی نەکردو ئێمەی لە سووکایەتیپێکردنی پیکێ ڕزگارکرد».

* ئەندرێس ئینێستا لەنێو سەرجەم یاریزانانی ئەم کلاسیکۆیەدا زۆرترین یاری کلاسیکۆی ئەنجامداوە، کە 32 کلاسیکۆیە. واتە 2440 خولەک یاری کردووە. ئینێستا بۆ دووەم یاریزانی بارسا لەدوای ڕۆناڵدینهۆ، کە مەدریدییەکان لەناو سانتیاگۆ برنابیۆدا چەپڵەی بۆ لێبدەن.

* بارسا ژمارەی بردنەوەکانی لەناو سانتیاگۆ برنابیۆ گەیاندە 25 بردنەوە، کە هەمان ژمارەی بردنەوەکانی ریال مەدریدە لەناو کامپ نو.

* سەیر لەوەدابوو کە بەر لەم کلاسیکۆیە بارسا 99 گۆڵی لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ تۆمارکردبوو، ریالیش 99 گۆڵی لەسەر کامپ نو تۆمارکردبوو، بارسا ژمارەی گۆڵەکانی لەناو برنابیۆ گەیاندە 103 گۆڵ.

* لە 170 وڵاتی جیهاندا، زیاتر لە 600 ملیۆن کەس لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و شاشەی گەورەو ئینتەرنێتەوە سەیری یاری کلاسیکۆیان کردووە.

* نرخی یاریزانانی هەردوو لایەنی یاری کلاسیکۆی ئەمجارە نزیکەی ملیارێک و 200 ملیۆن یۆرۆ بوو، کە نرخی یاریزانانی ریال مەدرید 603 ملیۆن یۆرۆ بوو، نرخی یاریزانانی بارساش 597.5 ملیۆن یۆرۆ بوو. لەنێو سەرجەم یاریزانانیشدا لیۆنێل مێسی گرانترین بوو، کە نرخەکەی 120 ملیۆن یۆرۆیە.

* سەرەتا بلیتی یارییەکە بە 80 یۆرۆ فرۆشراو لە کۆتاییدا نرخی هەر بلیتێک لە بازاڕی ڕەشدا گەیشتە 3 هەزار یۆرۆ.

* لەم یارییەدا ڕێگە نەدرا هیچ ئاڵایەکی هەرێمی کەتالۆنیا ببردرێتە نێو یاریگەو فەرمانیش بە پیاوانی تایبەت بە پاراستنی ئاسایشی یارییەکە درابوو هەر کەسێک دروشم بۆ سەربەخۆیی کەتالۆنیا بڵێتەوە یان تابلۆیەک بۆ ئەو مەبەستە بەرز بکاتەوە یەکسەر دەستگیر بکرێت.

* بۆ جاری یەکەم بوو دەزگاکانی ئاسایش پشکنین بۆ ئەو سەندویچانە بکەن کە هاندەران دەیانبەنە ناو یاریگە. بۆ جاری یەکەمیش بوو لە شوێنە بەرزەکانی دەوروبەری یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ چەند کەسێکی قەنناس بەدەست دابنرێن، بۆ پاراستنی هاندەران و یاریزانان لە هەر کارێکی تیرۆریستی.

* لەدوای یارییەکە ئاشکرابوو، کە رافا بینیتێزی ڕاهێنەری ریال نەیویستووە بەشێوەی سەرەکی یاری بە کەریم بنزیمە بکات، بەڵام ئەو یاریزانە چووەتە لای فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەو داوای لێکردووە فەرمان بە بینیتێز بکات یاری پێبکات، سەرۆکیش ئەو کارەی کردووە. بنزیمە بەڵێنیشی بە پیرێز دابوو بەلای کەمەوە گۆڵێک لە بارسا بکات، بەڵام نەیتوانی بەڵێنەکەی بۆ سەرۆک بێنێتەدی.

* بۆجاری یەکەم بوو لە مێژوودا یانەی ریال مەدرید بە پێکهاتەیەک یاری بکات، کە تەنیا یەک یاریزانی ئیسپانی تێدابوو، ئەویش سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتن بوو.

* لە دوایین دوو یاریدا بارسا 11 گۆڵی لە کایلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزی کۆستاریکی کردووە، کە پێشتر بارسا لەگەڵ لیڤانتی 7 گۆڵی لە تۆڕەکەی کردووە.

## کریستیانۆ دەبێتە زاوای بریکارەکەی..

# کوڕەکەی ڕۆناڵدۆ کێشەیەکی دیکە بۆ باوکی دێنێتەوە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دانی بەوەدانا کە کوڕەکەی کێشەیەکی دیکەی بۆ دروستکردووەو دەیەوێ ببێتە گۆڵپارێز. ڕۆژنامەکانیش ئاشکرایانکرد کە ڕۆناڵدۆ دەیەوێ کچی بەڕێوەبەری کارەکانی بکاتە دایکێکی نوێ بۆ کوڕەکەی.

### ڕێگری لێناکات

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکدا ئەو قسانەی پشتڕاستکردەوە کە بەر لە چەند ڕۆژێک ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی بڵاویکردبوونەوە، گوایە کوڕەکەی ڕۆناڵدۆ دەیەوێ لە داهاتوودا ببێتە گۆڵپارێز و ڕۆناڵدۆ گوتی «ڕاستە، کوڕەکەم دەیەوێ ببێتە گۆڵپارێز، کە لە ڕاستیدا ئەوە بۆ من کێشەیە، بەڵام خۆتان دەزانن منداڵ چۆن بیردەکاتەوە، خولەک بە خولەک بۆچوونی خۆی دەگۆڕێت، ئەو تەمەنی 5 ساڵەو دڵنیام ئەو بیرکردنەوەی دەگۆڕێت». ڕۆناڵدۆ هەروەها گوتیشی «تەنانەت ئەگەر کوڕەکەم لە ئاییندەدا بۆچوونەکەیشی لەو بارەوە نەگۆڕێت، ڕێگری لێناکەم، چونکە دایک و باوکیشم لە هیچ شتێک ڕێگریان لێنەکردووم».

### ڕۆناڵدۆ مۆبایل بۆ کوڕەکەی ناکڕێت

دوور لەو کێشەیە، ڕۆناڵدۆ لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری کاراس کە لەگەڵ نمایشکردنی فیلمە تازەکەی هاوتا بوو، دانی بەوەدا نا کە ڕازی نەبووە مۆبایلێکی لە جۆری ئایفۆن 6 بۆ کوڕەکەی بکڕێت و لەم بارەوە گوتی «پێمگوت ئەگەر ویستت قسەم لەگەڵ بکەی مۆبایلی داپیرەت بەکاربهێنە». پێدەچێت ڕۆناڵدۆ بزانێت ئەگەر مۆبایل بۆ کوڕەکەی بکڕێت خۆی تووشی کێشە دەکات، بەڵام ئەوەشی دووپاتکردەوە کوڕەکەی زۆر بە خۆشگوزەرانی دەژیێت و گوتی «کوڕەکەم لەسەر سیسەمێکی نایاب لەخەو هەڵدەستێت، باشترین جۆری میوە دەخوات و خێراترین جۆری ئۆتۆمبێل لە جیهان لێدەخوڕێت، ئەو لە ژیانی خۆی زۆر بەختەوەرە و بەردەوام بەڕووم پێدەکەنێت».

### دەیەوێ ببێتە زاوای میندێز

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، هەر دەرفەتێکی باسکردنی خۆرخی میندێزی بریکارەکەی بۆ بڕەخسێت، پەسنی دەدات و دان بەوەدا دەنێت کە چاکەی گەیشتنی بە ئێستای بەسەرییەوە هەیە، لەوەش زیاتر ئەو بە باوکی دووەمی خۆی دادەنێت، لەوانەیە کار بگاتە ئەوەی ببێتە زاوای میندێز، ئەگەر ئەو هەواڵانە ڕاست دەرچن، کە ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ بڵاویکردوونەتەوە و باس لەوە دەکات «ڕۆناڵدۆ پەیوەندی لەگەڵ کچی میندێز هەیە». هەمان سەرچاوە ئاشکرایکردووە «ماریسیای کچی میندێز لە زۆربەی بۆنە گەورەکان لە نزیکی ڕۆناڵدۆ دەردەکەوێت»، ئەوەش ئاماژەیە بۆ بوونی شتێک. ئەوەی ڕاستی ئەو گریمانەش زیاتر دەکات، وێنەیەکە کە کریس لەسەر پێگەی خۆی لە ئینستاگرام بڵاویکردووەتەوە، کە لەو وێنەیەدا دۆن و کچەکەی میندێز لە ماڵەوە بەیەکەوە وەستاون.

### سەرەتا لە ئاهەنگی ژنهێنانی باوکی بوو

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ چەندین وێستگەی ژماردووە، کە ئاماژە بە بوونی پەیوەندییەک لە نێوان ڕۆناڵدۆ و ماریسیا دەکات، باس لەوە دەکات چۆن ئەو دووانە بەیەکەوە سەرپەشتی ئاهەنگی ژنهێنانی میندێزیان کردووە، کە بەدووانەیەکی زۆر گونجاو و شیاو بەیەکەوە دەرکەوتن، هەروەها ماریسیا لە چەندین یاری ریال مەدرید لە سانتیاگۆ برنابیۆ ئامادەبووە و وێنەی زۆریشی لەگەڵ دۆن گرتووە، تاوەکو دەگاتە ئامادەبوونیان لە فیلمی ڕۆناڵدۆ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و گرتنی چەندین وێنە بەیەکەوەو بەئامادەبوونی باوکیشی، دواترینشیان وێنەکەیەتی لەگەڵ دۆن لە ماڵەوە، ئەوەش نیشانەی پرسیار لەبارەی ئەو بایەخ پێدانە دەخاتەڕوو، کە لەوانەیە ماریسیا دڵی موشەکی مادێرای داگیر کردبێت.

### لەوەش ترسناکتر

بێجگە لەم پەیوەندییە، ڕۆژنامەی کۆرییری دی مانیای پورتوگالی تۆمەتێکی ترسناکتری دایە پاڵ ڕۆناڵدۆ، گوایە بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ تۆریا نیکۆلی شاجوانی دۆرگەکانی باهاماس هەیەو دەڵێت «لە شەوی نمایشکردنی فیلمی ڕۆناڵدۆ لە لەندەن، دۆن و نیکۆل شەوێکی تەواو پێکەوە لە ژوورێکی هۆتێل بەسەریان بردووە». هەرچەندە نیکۆل دواتر ئەوەی ڕەتکردەوە کە هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ هەبێت، بەڵام گوتیشی «پەیوەندییەکی دۆستانەم لەگەڵ ڕۆناڵدۆ هەیە، لەو ساڵی ڕابردوو ناسیومە، کاتێک خۆی و کوڕەکەی بە گەشت هاتوونەتە باهاماس».



**ڕۆناڵدۆ: ڕازی نەبووم مۆبایلێکی ئایفۆن 6 بۆ کوڕەکەم بکڕم، پێمگوتووە بە مۆبایلی داپیرەت قسەم لەگەڵ بکە**

## کەتالۆنییەکان دەڵێن لە ترسی دیکتاتۆر بووە..

# دۆڕانە (11 ـ 1)ەکەی بارسا بە بڕوای مەدریدییەکان

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئەو یارییە مێژووییەی لە ساڵی 1943 بارسێلۆنا بە 11 ـ 1 بە ریال مەدرید دۆڕا، دوو تەفسیری جیای بۆ دەکرێت، کە کەتالۆنییەکان دەڵێن لەژێر هەڕەشەی دیکتاتۆردا بەئەنقەست خۆیان دۆڕاندووە، بەڵام مەدریدییەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە دووپاتدەکەنەوە کە ریال مەدرید بەتوانای خۆی ئەو ئەنجامەی دژی بارسێلۆنا تۆمارکردووە.

جەماوەری بارسێلۆنا لەبارەی ئەو یارییەوە دەڵێن یاریزانانی بارسێلۆنا لەژێر هەڕەشەی دیکتاتۆر، فرانچیسکۆ فرانکۆ ئەو یارییەیان ئەنجامداوە، کە لە ماوەی نێوان 1936 تاوەکو 1975 دەسەڵاتداری ئیسپانیا بوو، فرانکۆ ڕقی لەهەموو شتێکی کەتالۆنی دەبووەوە، چونکە بەردەوام دوای جیابوونەوەیان لە ئیسپانیا دەکرد، بۆیە دوای بردنەوەی بارسا بە 3 گۆڵ لە ریال مەدرید، لە یاری چوونی قۆناخی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا، لە ساڵی 1943، فرانکۆ بۆ یاری گەڕانەوەپۆلیسی نهێنی بۆ هەڕەشەکردن بە گرتن و بەندکردن لە یاریزانانی بارسا بەکارهێناو پێیگوتن «بۆ ئەوەی خۆتان و خێزانەکانتان سەلامەت بن دەبێت بە ئەنجامێکی گەورە بە ریال مەدرید بدۆڕێن».

بەڵام هۆکارێکی جیا لەوە بۆ ئەو دۆڕانە لەلای جەماوەری ریال مەدرید هەیە، کە دەڵێن جەماوەری بارسێلۆنا لە یاری چوون دەستدرێژییان کردە سەر یاریزان و هاندەرانی ریال مەدرید، ئەو هەڵسوکەوتەش ڕاگەیاندنەکانی مەدریدی تووڕە کرد، بۆیە 20 هەزار هاندەر لە یاریگە کۆکرانەوە و هوتافی دژ بە یاریزانانی بارسێلۆنایان دەکێشا، کە گەیشتە ڕاددەی هەڕەشەلێکردنی یاریزانان بە کوشتن، بەمەش گۆڵپارێز و بەرگریکارانی بارسا ترسان لە گۆڵ و ناوچەی سزایان نزیک بکەونەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکی جەماوەری هەڵچووی ریال مەدرید نەبن، بۆیە بە تەواوی تەرکیزی خۆیان لەدەستدا. جەماوەری ریال مەدرید ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە، بەوەی سیستمی سیاسی هۆکاری ئەو دۆڕانە مێژووییەی بارسێلۆنا بێت، دووپاتیشی دەکەنەوە «دۆڕانی بارسا بە گۆڵی زۆر لەو ماوەیە شتێکی نامۆ نییە، چونکە بارسا لە ساڵی 1940 بە 1 ـ 11 بە یانەی سڤیلیا دۆڕا، هەروەها ساڵی 1931 بەرامبەر ئەتلەتیک بلباو بە ئەنجامی 1 ـ 12 دۆڕا، ساڵی 1942 بە ئەنجامی 0 ـ 6 بە گرنادا و ساڵی 1945 بە هەمان ئەنجام بە ئەتلەتیک بلباو دۆڕاوە».

سەیر لەوەدایە کارگێڕی ئەوکاتی بارسێلۆنا ئەنجامەکەی لە تۆمارەکانی خۆی قبوڵکرد، ئەمەش وەک داننانێکە بەو دۆڕانە گەورەیە 1 ـ 11 گۆڵ، بەڵام جەماوەری بارسا دەڵێن سەرۆکی ئەوکاتی یانەکە فرانکۆ دایمەزراندبوو، کە سەرۆکی پێشووی لە سێدارە دابوو، چونکە داوای سەربەخۆیی کەتالۆنیای لە ئیسپانیا دەکرد، بۆیە سەرۆکی دامەزرێندراو بەبێ ناڕەزایی ئەنجامەکەی قبوڵ کردووە.

لەوەش سەیرتر ریال مەدرید ئەو ساڵە یاری کۆتایی جامی شای بە ئەنجامی 0 ـ 1 بە ئەتلەتیک بلباو دۆڕاند، هەرچەندە بە ئەنجامێکی مێژوویی بارسای پان کردەوە، وەک ئەوەی تیپێکی سوپەر بێت.

**«لەدوای ئەو یارییە ریال مەدرید لە یاری کۆتاییدا 1 ـ 0 بە ئەتلەتیک بلباو دۆڕا»**

**مەدریدییەکان: دۆڕانی بارسا 11 ـ 1 سەیر نییە، چونکە پێشتر 12 ـ 1 بە ئەتلەتیک بلباو دۆڕاوە**



**هێڵی سوورە**

کارل هاینز ڕۆمەنیگە، سەرۆکی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی هەموو ئەو یانانەی بێئومێد کرد کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی مەهدی بن عەتیەی بەرگریکاری یانەی باڤاری دەدەن و ڕایگەیاند کە یانەکەی بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو یاریزانە نابێت و لە لێدوانێکدا گوتی «بن عەتیە هێڵی سوورە، بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری نابین، هەموو ئەوانەی دەیانەوێ گرێبەستمان پێشکەش بکەن، لە ئێستاوە پێیان دەڵێم خۆتان ماندوو مەکەن، نە بە گرێبەست نە بەشێوەی خوازراو بن عەتییە بەهیچ یانەیەک نادەین».

فۆتۆستۆری

# داعش لە شنگال وەرزشیش تیرۆر دەکات












**ئا: جوولی عەدنان**

یانەی وەرزشیی شنگال، لە ساڵی 1966 لە سەنتەری شاروچکەی شنگال دامەزراوە، ئەم یانەیە جێگەی پێگەیاندنی چەندەها یاریزانی بەتوانا بووە، هەروەها سەرپەرشتی کردنەوەو ئەنجامدانی چەندین خول و پاڵەوانیەتی کردووە بۆ تیپەکانی ناوچەکە.

ئێستا ئەو یانەیە لە پاشماوەیەکی خاپوورکراو دەچێت، دوای ئەوەی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە سوتێنرا. تەنیا هەندێک یادگاری تێدا بەجێماوە، وێنەی بەشداربووان و یاریزانان، خەڵات، تەنانەت گۆڕەپانی یاریگەکەیشی سوتێراوەو کراوەتە مەیدانی تانک و دەبابە..

ئەوەندەی نەمابوو..

# ژنێک دەیویست یاریزانانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا بکوژێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆژنامەی بیلدی بەناوبانگی ئەڵمانی نهێنییەکی مەترسیدار ئاشکرا دەکات و دەڵێت «ئەگەر یارییە دۆستانەکەی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و هۆڵەندا دوانەخرابوایە، مەرگی یاریزانانی هەردوو هەڵبژاردەو هەزاران هاندەر لە مەترسیدا دەبوو».

ئەو ڕۆژنامەیە ئاشکرایکردووە کە بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی دەزگای هەواڵگیری ئەڵمانیا، لە شەوی هەڵوەشاندنەوەی یارییەکەدا، شانەیەکی تیرۆریستی، کە لە 5 کەس پێکهاتبوو، لەناویاندا ژنێکیش هەبوو، پیلانیان دانابوو بۆ تەقاندنەوەی یاریگەی هانۆڤەر، شوێنی بەڕێوەچوونی یارییەکە.

هەروەها ڕۆژنامەی بیلد، لەو بارەوە نووسیویەتی «تیرۆریستان خۆیان ئامادە کردبوو، بۆ ئەوەی وەک ئەنجامدەرانی کارە تیرۆریستییەکانی پاریس، بە چەکی ڕەشاش و پشتێنی تەقاندنەوە، هێرش بکەنە سەر یاریگەکە».

هەواڵگیری ئەڵمانیا ماوەیەکی کەم بەر لە یارییەکە، زانیاری لەسەر ئەم پیلانە تیرۆریستییەی دەستکەوت، بۆیە ناچاربوو 45 هەزار هاندەر، کە ئامادەی یاریگە ببوون ڕەوانەی ماڵەوە بکات، یاریزانانی هەڵبژاردەی هۆڵەنداشی ڕەوانەی هوتێل کردەوە. هەرچی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیاش بوون، هێشتا 5 کیلۆمەتریان مابوو بگەنە ناو یاریگەکە.

یاریگەی یانەی هانۆڤەر، ناوی ئێچ دی ئای ئەرینایە، کە (نیدەر ساکسی) شی پێدەڵێن. جێگەی 49 هەزار بینەر دەکاتەوە.





# خشتەی یارییەکانی هەفتە

چامپیۆنسلیگ
سێشەممە 24/11/2015
10:45
بارسیلۆنا ـ رۆما

چامپیۆنسلیگ
چوارشەممە 25/11/2015
10:45
یوڤانتۆس ـ مانچستەر سیتی

چامپیۆنسلیگ
چوارشەممە 25/11/2015
10:45
شاختار ـ ریال مەدرید

یۆرۆپالیگ
پێنجشەممە 26/11/2015
11:05
لیڤەرپوول ـ بۆردۆ

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 13 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/11/27** | |
| لیڤانتی ـ ریال بیتیس | 10:30 |
| **شەممە 2015/11/28** | |
| بارسیلۆنا ـ ریال سۆسیداد | 06:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ ئیسپانیۆل | 08:15 |
| مەلەگە ـ گراناda | 10:30 |
| لاس پالماس ـ دیپۆرتیڤۆ | 12:00 |
| سێلتاڤیگۆ ـ خیخۆن | 12:05 |
| **یەکشەممە 2015/11/29** | |
| گیتافی ـ ڤیارڕیال | 02:00 |
| ئیبار ـ ریال مەدرید | 06:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ ـ ئەتلەتیک بلباو | 08:15 |
| سڤیلیا ـ ڤالێنسیا | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسیلۆنا | 30 |
| 2 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 26 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 24 |
| 4 ـ ڤیارڕیال | 21 |
| 5 ـ سێلتاڤیگۆ | 21 |
| 6 ـ ئیبار | 20 |
| 7 ـ ڤالێنسیا | 19 |
| 8 ـ دیپۆرتیڤۆ | 18 |
| 9 ـ ئەتلەتیک بلباو | 17 |
| 10 ـ ئیسپانیۆل | 16 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ نیمار | بارسیلۆنا | 12 |
| 2 ـ سوارێز | بارسیلۆنا | 11 |
| 3 ـ ئیمانوێل | ریال سۆسیداد | 9 |
| 4 ـ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 8 |
| 5 ـ گیرا | رایۆ ڤالیکانۆ | 8 |

## خولی ئینگلتەرا ( هەفتەی 14 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/11/28** | |
| بۆرنیمۆس ـ ئێڤەرتۆن | 06:00 |
| ئەستۆن ڤێلا ـ واتفۆرد | 06:00 |
| کریستال پالاس ـ نیۆکاسڵ | 06:00 |
| مانچستەر سیتی ـ ساوسهامتۆن | 06:00 |
| سەندەرلاند ـ ستۆک سیتی | 06:00 |
| لیستەر سیتی ـ مانچستەر یونایتد | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/11/29** | |
| تۆتنهام ـ چێلسی | 03:00 |
| وێستهام ـ وێست برۆمیچ | 05:05 |
| لیڤەرپوول ـ سوانزی سیتی | 07:15 |
| نۆرویچ سیتی ـ ئارسناڵ | 07:15 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ لیستەر سیتی | 28 |
| 2 ـ مانچستەر یونایتد | 27 |
| 3 ـ مانچستەر سیتی | 26 |
| 4 ـ ئارسناڵ | 26 |
| 5 ـ تۆتنهام | 24 |
| 6 ـ وێستهام | 21 |
| 7 ـ ئێڤەرتۆن | 20 |
| 8 ـ ساوسهامتۆن | 20 |
| 9 ـ لیڤەرپوول | 20 |
| 10 ـ کریستال پالاس | 19 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ڤاردی | لیستەر سیتی | 13 |
| 2 ـ لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 7 |
| 3 ـ کەین | تۆتنهام | 7 |
| 4 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەر سیتی | 7 |
| 5 ـ ریاز | لیستەر سیتی | 6 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (کریستال پالاس ـ سەندەرلاند) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا ( هەفتەی 14 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/11/28** | |
| تۆرینۆ ـ بۆلۆنیا | 08:00 |
| میلان ـ سامپدۆریا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/11/29** | |
| رۆما ـ ئاتالانتا | 05:00 |
| کییێڤۆ ـ ئۆدینێزی | 05:00 |
| فرۆزینۆنی ـ ڤیرۆنا | 05:00 |
| جێنەوا ـ کارپی | 05:00 |
| ئیمپۆلی ـ لازیۆ | 08:00 |
| پالێرمۆ ـ یوڤانتۆس | 10:45 |
| **دووشەممە 2015/11/30** | |
| ساسۆلۆ ـ فیۆرەنتینا | 09:00 |
| ناپۆلی ـ ئینتەرمیلان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ئینتەرمیلان | 30 |
| 2 ـ ناپۆلی | 28 |
| 3 ـ فیۆرەنتینا | 28 |
| 4 ـ رۆما | 27 |
| 5 ـ ساسۆلۆ | 22 |
| 6 ـ یوڤانتۆس | 21 |
| 7 ـ میلان | 20 |
| 8 ـ لازیۆ | 19 |
| 9 ـ تۆرینۆ | 18 |
| 10 ـ ئاتالانتا | 18 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ هیگواین | ناپۆلی | 10 |
| 2 ـ مارتینز | سامپادۆریا | 9 |
| 3 ـ کالینیچ | فیۆرەنتینا | 9 |
| 4 ـ ئینسینی | ناپۆلی | 7 |
| ـ باکا | میلان | 6 |

## خولی ئەڵمانیا ( هەفتەی 14 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/11/27** | |
| دارمشتات ـ کۆڵن | 10:30 |
| **شەممە 2015/11/28** | |
| بایرن میونشن ـ هێرتا بەرلین | 05:30 |
|ماینز ـ رانکفۆرت | 05:30 |
| هانۆڤەر ـ ئینگۆلشتات | 05:30 |
| ڤێردەربریمەن ـ هامبۆرگ | 05:30 |
| هۆفنهایم ـ مونشنگلادباخ | 05:30 |
| **یەکشەممە 2015/11/29** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند ـ شتۆتگارت | 05:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ شاڵکە | 07:30 |
| ئوگسبۆرگ ـ فۆلفسبۆرگ | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 37 |
| 2 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 29 |
| 3 ـ فۆلفسبۆرگ | 24 |
| 4 ـ هێرتا بەرلین | 23 |
| 5 ـ مونشنگلادباخ | 22 |
| 6 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 20 |
| 7 ـ شاڵکە | 20 |
| 8 ـ ئینگۆلشتات | 19 |
| 9 ـ کۆڵن | 19 |
| 10 ـ هامبۆرگ | 18 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئۆباماینگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 15 |
| 2 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 14 |
| 3 ـ مۆلەر | بایرن میونشن | 12 |
| 4 ـ مارکۆ ریۆس | بورۆسیا دۆرتمۆند | 7 |
| 5 ـ کالۆ | هێرتا بەرلین | 7 |

## خولی فەرەنسا ( هەفتەی 15 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/11/27** | |
| لیۆن ـ مۆنپێلیە | 10:30 |
| **شەممە 2015/11/28** | |
| پاریس سانجێرمان ـ تروا | 07:00 |
| ئەنجی ـ لیل | 10:00 |
| ئەجاکسیۆ ـ لۆریان | 10:00 |
| نانت ـ باستیا | 10:00 |
| ریمس ـ رین | 10:00 |
| تۆلۆز ـ نیس | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/11/29** | |
| سانت ئیتیان ـ گانگۆن | 04:00 |
| بۆردۆ ـ کان | 07:00 |
| مارسیلیا ـ مۆناکۆ | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 38 |
| 2 ـ لیۆن | 25 |
| 3 ـ کان | 25 |
| 4 ـ نیس | 24 |
| 5 ـ ئەنجی | 23 |
| 6 ـ مۆناکۆ | 23 |
| 7 ـ سانت ئیتیان | 22 |
| 8 ـ رین | 21 |
| 9 ـ لۆریان | 20 |
| 10 ـ گانگۆن | 19 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ موکاندچۆ | لۆریان | 10 |
| 2 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 9 |
| 3 ـ پاتشوای | مارسیلیا | 9 |
| 4 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 5 ـ بن عەرەفە | نیس | 7 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 5)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2015/11/26** | |
| دینامۆ مینسک ـ ڤیکتۆریا بلزن | 07:00 |
| رۆبین کازان ـ سیۆن | 07:00 |
| کراسنودار ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 07:00 |
| لازیۆ ـ دنیێرۆ | 09:00 |
| ئەلکەمار ـ پارتیزان بەلگراد | 09:00 |
| شاڵکە ـ ئەپۆیل نیقۆسیا | 09:00 |
| مۆناکۆ ـ ئەندەرلەخت | 09:00 |
| بازل ـ فیۆرەنتینا | 09:00 |
| لۆکۆمۆتیڤ مۆسکۆ ـ لێشبۆنە | 09:00 |
| بێشکتاش ـ سکیندیربێو | 09:00 |
| سپارتا براگ ـ تریپۆلیس | 09:00 |
| رۆزنبۆرگ ـ سانت ئیتیان | 09:00 |
| بیلینینسیش ـ لیخ بۆزنان | 09:00 |
| ئۆگسبۆرگ ـ ئەتلەتیکۆ بلباو | 09:00 |
| کاراباکا ـ تۆتنهام | 09:00 |
| لیڤەرپوول ـ بۆردۆ | 11:05 |
| ڤیارڕیال ـ رابید ڤیەننا | 11:05 |
| مارسیلیا ـ گرۆنینگن | 11:05 |
| کلۆپ برۆج ـ ناپۆلی | 11:05 |
| سێلتیک ـ ئەجاکس | 11:05 |
| مۆلدە ـ فەنەربەخچە | 11:05 |
| سپۆرتینگ براگا ـ سلۆڤان لیبیرتش | 11:05 |
| باوک سالۆنیکا ـ گیلان گاباڵا | 11:05 |
| لیجیا وارسۆ ـ میتیۆلاند | 11:05 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 5)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/11/24** | |
| زێنیت ـ ڤالێنسیا | 08:00 |
| باتی بۆریسۆڤ ـ بایرلیڤەرکۆزن | 08:00 |
| ئارسناڵ ـ دینامۆ زاگریب | 10:45 |
| بارسیلۆنا ـ رۆما | 10:45 |
| بایرن میونشن ـ ئۆلۆمپیاکۆس | 10:45 |
| پۆرتۆ ـ دینامۆکێڤ | 10:45 |
| لیۆن ـ جێنت | 10:45 |
| مەکابی تەلئەبیب ـ چێلسی | 10:45 |
| **چوارشەممە 2015/11/25** | |
| ئەستانا ـ بەنفیکا | 06:00 |
| سیسکا مۆسکۆ ـ فۆلفسبۆرگ | 08:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ گەلاتەسەرای | 10:45 |
| مونشنگلادباخ ـ سڤیلیا | 10:45 |
| یوڤانتۆس ـ مانچستەر سیتی | 10:45 |
| مالمۆ ـ پاریس سانجێرمان | 10:45 |
| مانچستەر یونایتد ـ ئایندهۆڤن | 10:45 |
| شاختار ـ ریال مەدرید | 10:45 |

گرنگترین یارییەکانی هەفتە

خولی ئینگلتەرا
یەکشەممە 29/11/2015
03:00
تۆتنهام ـ چێلسی

خولی ئەڵمانیا
یەکشەممە 29/11/2015
07:30
بایرلیڤەرکۆزن ـ شاڵکە

خولی ئیسپانیا
یەکشەممە 29/11/2015
10:30
سڤیلیا ـ ڤاڵنسیا

خولی ئیتاڵیا
دووشەممە 30/11/2015
11:00
ناپۆلی ـ ئینتەرمیلان



**75 ـــ 110**

کارلۆس چاوکی، پزیشکی کۆلۆمبی، کە لە ڤەنزویلا سەرپەرشتی نەشتەرگەری بەستانی گەدەی بۆ دییێگۆ ئەرماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتینی کردووە، رایگەیاند «بەهۆی ئەو نەشتەرگەرییەوە مارادۆنا لەنێوان 30 تاوەکو 35 کیلۆگرام کێشی دادەبەزێت و لەسەر 75 کیلۆگرام دەوەستێت، کە بەر لە نەشتەرگەرییەکە کێشی 110 کیلۆگرام بوو، لە کاتێکدا درێژی بالآی تەنیا 160 سانتیمەترە». ئەوەش یارمەتی دەدات بەئاسانی جوولە بکات، بەپێچەوانەی ماوەی رابردوو، کە بە روونی هیلاکبوونی پێوە دیاربوو، نەخاسمە ئەوکاتەی سەردانی مەغریبی کرد و بەشداری لە یارییەکی دۆستانەدا کرد».



کانی هەڵەبجەیی

# (رووداو) لەناو برنابیۆدا

تەلەڤزیۆنە بچووکەکەو بۆنی چایەکەی دایکم و هاوارکردنی گۆووڵ بۆ ریال یان بارسا، بەرازیل یان ئەرجەنتین، شتێکە هەرگیز ماڵی خەیاڵم جێناهێڵێت. جاران منداڵ بووم، باوکم مەیلی کام یانەی بکردایە منیش هانی ئەوم دەدا، دواتر هەر تیمێک جلەکانی جوان بوایە یاخود کەسێکی خوێنشیرینی تێدابووایە دەبووە تیمی من، جارجاریش دەبوو دڵە کچانییەکەم دەرکەوێت و بگریم بۆ ئەو تیمەی گۆڵی کەمی هەیە.

لە پەنجەرەی ئەم یادگاریانەوە دەمەوێت نیشانیبدەم یاری تۆپی پێ و بەتایبەتی کلاسیکۆ چۆن ساڵانێکە بووەتە کلتوورێک و گشتمانی سەرقاڵکردووە، وایلێکردووین ئاوات بخوازین لە نزیکەوە کەشوهەوای کلاسیکۆ ببینین.

ئەمجارە کلاسیکۆ جیاوازە، چونکە پێشتر یان لە کەناڵەکانی عەرەبی یاخود لە بیانییەکانی دیکە راستەوخۆ دەچووینە ناو هاندەران و ئاگامان لە کلاسیکۆ دەبوو، بەڵام من خۆم کۆدەکەمەوەو وەک تیمی رووداو دەچم بە زمانی کوردی و لە رێگەی شاشەیەکی کوردی هەوادارانی کلاسیکۆ ببەمە ناو سانتیاگۆ برنابیۆ.

لە منداڵیمەوە لە دەرەوەی وڵات دەژیم، هەرگیز وەک دوای هێرشەکانی سەر پاریس لە فرۆکەخانە رانەگیراوم. ناو فرۆکەخانەی پاریس پڕبوو لە پۆلیس. یەکەمجارە هێندە چەک ببینم لە ئەوروپا. بەڵام بەهەرحاڵ من بەرەو کلاسیکۆ دەڕۆم، بەرەو کەشێکی ئارامتر.

مەدرید شارێکی زۆر قەرەباڵخەو بەردەوام جموجۆڵی تێدایە، بەردەم یاریگاکەی ریالیش بەردەوام جمەی دێت لە گەشتیار و هەوادارانی یانەکە. لە هەموو دونیاوە خەڵک دەبینی کە بۆ تەماشاکردنی ساتیاگۆ برنابیۆ هاتوون.

ناو یاریگاکە دونیایەکی دیکەیە. بەتایبەتی مۆزەخانەکە. لە وێنەی یەکەم تیمی یانەکەوە تا دوایین خەڵات و جام، هەریەک لە بەشی تایبەتی خۆیدا دانراوە، تەنانەت هێندە سەرنجراکێشە ئەگەر تاقەتی وەرزشیشت نەبێت ناچاردەبی تەماشای یەکبەیەکیان بکەیت.

بەردەوام کەسێکی شارەزا باسی خەڵات و وێنەکان بۆ گەشتیاران دەکات. لەگەڵ بینینی هەر بەشێکی یاریگاکە بیرم دەکردەوە خۆزگە رۆژێک گەشتیار بۆ تەماشاکردنی یاریگای فرانسۆ هەریریش دەهاتن.

چەند کاژێرێک پێش یارییەکە بەردەم یاریگا پڕبوو لە هاندەرانی هەردوو یانە. هەندێجار مەدریدییەکان هاواریان دەکرد «پوتا بارسا» کە بە زمانی ئیسپانی جنێوێکی پیسەو بارساکانیش بەهەمانشێوە. لە خۆمەوە دەمگوت ئێستا شەڕ دروستدەبێت، کەچی هێندەی نەدەبرد دەستیان دەکردە ملی یەک و پێدەکەنین. چیبکەم یەکسەر دڵم پڕدەبوو کە بیرم دەکەوتەوە جارێک پشتگیری خۆم بۆ یانەی هەولێر نیشاندا، چەند جنێو و قسەی ناشرینم بۆ هات و چەند کەس رقیان لێهەڵگرتم.

هەشتاویەک هەزار کەس لە دەرگا جیاوازەکانی یاریگاکەوە نۆرەیان گرتبوو تا بچنە ژوورەوە، هاندەرانی هەردوولا تێکەڵ و گۆرانییەکانیشیان تێکەڵ دەبوون.

گەیشتارێکی زۆر لە هەموو جیهانەوە بۆ بینینی یارییەکە لەوێ بوون، کاتێک ئێمە گەیشتن بلیتەکانی یارییەکە تەنیا لە بازاری رەش مابوون و تەواوی بلیتەکانی دیکە فرۆشرابوون. بەردەوام لەناو یاریگا ئەوانەی لە بازاڕی رەش تیکت دەفرۆشن لەبەردەمتەوە تێدەپەڕن و دەڵێن «تیکت.. تیکت.»

بۆ ئەوەی هەلی چوونە نێو یاریگاو بینینی رۆناڵدۆ، مێسی و هاوڕێکانیم هەبێت ناچاربووم شەوی پێش یارییەکەو لە کاژێرەکانی پێش دەستپێکردنی یارییەکە لەبازاڕی رەش بلیتێکی یارییەکە بکڕم. بەقسەی خەڵکی ئیسپانیا لە ساڵانی رابردووی کلاسیکۆ ناچێت، ژمارەیەکی زۆری پۆلیس یاریگای بێرنابیۆیان دەوردابوو، نەک هەر هاندەران بەڵکو خواردنەکانیش دەپشکنن بۆ ئەوەی یارییەکە لە کەشێکی ئارامدا بەڕێوەبچێت، بەڵام کاتێک گەیشتمە دەرگای چوونە ژوورە بە خەمبارییەکی زۆرەوە گەڕامەوەو پۆلیس بەبیانۆی بلیتی ساختە رێگەیان نەدا بچمە ژوورەوە.

یارییەکە لەناو شاری مەدرید بەڕێوەدەچێت و زۆرترین هاندەریش مەدریدین، ئەوەی کەس باوەڕی نەدەکرد رووبدات و بارسا بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر یارییەکە دەباتەوە. لەناو کافیتریا مەدریدییەکە لەگەڵ هەر گۆڵێک هاندەرە کەمەکانی بارسا هاواردەکەن و ریالییەکانیش خەمبار لەجێی خۆیان ناجووڵێن، جارجار دەستدەکەنەوە بە گۆرانی گوتن و هانی یانەکەیان دەدەنەوە. من لەنێو ئاهەنگگێڕانی بارساکان بووم کە نێوانیان پڕبوو لە هاندەرانی مەدرید، کاتێک هەواڵی شەڕی هەولێر لەسەر کلاسیکۆم خوێندەوە. بۆیە قسەی جۆرج ئۆروێڵی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزیم بیرکەوتەوە، کە دەڵێت «وەرزش شەڕێکی بێ تەقەیە». جارێکی دیکەش لەخۆم پرسییەوە، تۆ بڵێی کەی ئاوێکی سارد مێشکی بەردەوام تورەی ئێمەش هێمن بکاتەوەو شکست بە رۆحێکی وەرزشی قبوڵ بکەین؟

## دڵی هاوسەری پێشووی بەدەستدێنێت..

# خدێرا خیانەت لە ڤان دێر ڤارت دەکات



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی هۆڵەندی ئاماژەیان بە ئەگەری دروستبوونی پەیوەندی، لەنێوان سامی خدێرای یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی یوڤانتۆسی ئیتالی و سیلفی میس هاوسەری پێشووی رافائیل ڤان دێر ڤارتی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەنداو یانەکانی ریال مەدریدی ئیسپانی تۆتنهامی ئینگلیزی و هامبۆرگی ئەڵمانی کردووە.

بە گوێرەی ئەو راپۆرتانە خدێرا کە بەرەچەڵەک تونسییە لە هوتێلێکی شاری هامبۆرگ دابەزیوە، کە سیلفیش پێش ئەو لەوێ دابەزیبوو، ئەوەش گومانەکانی لەبارەی ئەو ئەگەرە زیاتر کردووە، کە خدێرا لەوەتەی لە خانمە نمایشکاری بەناوبانگی ئەڵمانی لینا گیرک جیابووەتەوە هیچ پەیوەندییەکی سۆزداری دانەناوە، هەروەها سیلفیش ماوەیەکە کۆتایی بەو پەیوەندییە هێناوە، کە بە ئەستێرەی هۆڵەندی رافائیل ڤان دێر ڤارتی دەبەستەوە، بەمەش هەموو بارودۆخەکان بۆ دانانی پەیوەندی لەنێوان یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی پێشووی ریال مەدرید و هاوسەری پێشووی ڤان دێر ڤارت لەبارن. هەندێک کەس پێیانوایە ئەگەر ئەم دەنگۆیانە راستبن، خدێرا خیانەت لە ڤان دێر ڤارت دەکات، بەو پێیەی هەردووکیان دوو یاریزانی ناسراوی ئەوروپان و سەردەمێک پێکەوە یاریان بۆ یانەی ریال مەدرید کردووە. لەوەش گرنگتر زۆرجار هەوڵ بۆ ئەوە دراوە نێوانی ڤان دێر ڤارت و سیلفی چاکبکرێتەوەو بگەڕێنەوە لای یەکدی، بەتایبەتیش کە منداڵیان لە یەکدی هەیە.

### پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3444**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**بیلال حوسێن لە هەڵەبجەی شەهید**

بە لێدوانی:

**( هەرچی بڵێم بەتاڵە، تازە قسەی تۆ زاڵە )**

## چل و پێنجەمین پێشبڕکێ

**2 LOTTO**

ژمارە (376) سێشەممە 2015/11/24

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
5 ـ مۆبایل

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..........................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە
رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

RÛDAW
www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد